گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لادانی واتایی لە شیعرەكانی ئەمین شنۆیدا

**م.ی. موحەممەد عومەر ئیبراهیم**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Mohammedqolmarfy@gmail.com

**م.ی. هاوکار محمد رشید**
بەشی کوردی، ماستەر لەئةدةبی کوردی، مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە.
Hawkarmuhamad00@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٨
پەسەندکردن:٢٠٢١/٦/٢٣
بڵاوکردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
Deviation, Meaning, Poetry, Quantity, Amin Shnoy, Paradox, Overstatement

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.01

## پوختە

(لادانی واتایی لەشێعرەكانی ئەمین شنۆییدا) ناو نیشانی توێژینەوەكەیە وهەوڵێكی ئەكادیمیانەیە بۆ خستنە رووی ئەو لایەنە واتاییانەی، كە لە شێعرەكانیدا بەدیدەكرێت، هەڵبەتە بەشی یەكەمی توێژینەوەكە، بەشێوەیەكی تیۆری باسی: (زاراوە و چەمكی لادان و دابەشبوونی لادانی واتایی و لادانی واتایی لەزمانی شێعردا) كردووە.
هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەكە باسی: لادان لە شیعرەكانی ئەمین شنۆیدا دەكات كەئەویش لەچەند تەوەرەیەك پێك دێت كە بریتین لە (لادانی زیادەگووتن ( چەندیەتی ) ،پاراڕدۆكس ،دانەپاڵ ،ڕەنگپێدان كراوە ). هەڵبەتە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتووین، ئەوەیە لە زمان و ئەدەبی كوردیدا زاراوەی جۆراوجۆر بۆ چەمكی لادان كراوە ، ئەم جۆراوجۆریە پێمان دەڵێت، كە رەخنە گرانی ئەدەبی كوردی وێرای جیاوازی بۆچوونیان، بەڵام لە ناوەرۆكدا بۆ یەك مەبەست ،لە دەلالەتەكانی واتایی لادانیان ڕوانیوە، بەواتایەكی تر چەمك و ناوەڕۆكی لادان نەبۆتە قوربانی جۆراوجۆری بەكارهێنانی زاراوەی لادان،هەروەها بەكارهێنانی لادانی واتایی، لە زمانی شیعردا، بۆ تێك شكاندنی یاسا جێگرەكانی زمانی ئاسایی بووە، بۆ پیشاندانی زمانێكی جیاوازی تر بووە ،لە زمانی ئاخاوتن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە لادان بریتی بووە،لە تێك شكاندنی یاساكانی دیوی ناوەوەی زمان ،لەلایەكی ترەوە دەقە شیعریەكانی شاعیر ئەمین شنۆیی هەڵگری خاسیەت و سیستەمی زمانی سەردەمەكەی خۆیەتی، بە خوێندنەوەی شیعرەكانی شنۆیی ناباوی سیستەمی زمانی شیعری جیاواز، لە زمانی ئاسایی دەبینرێت، ئەویش بەبەكارهێنانی جۆرەكانی لادانە، لەكۆتایی توێژینەوەكە، باسی ئەنجامی توێژینەوەكە كراوە و هەروەها ئەو سەرچاوانەش، كە پشتیان پێ بەستراوە خراونەتە ڕوو.

## پێشەكی

### 0: 1: ناونیشانی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە، وەكو لەناونیشانەكەیەوە دیارە :(لادانی واتایی لە شێعرەكانی ئەمین شنۆیدا) هەولێكی ئەكادیمیانەیە، بۆ خستنە ڕووی ئەو لایەنە واتاییانەی، كە لەشێعرەكانی ئەمین شنۆیدا، بەدیدەكرێت، یاخود ڕەنگی داوەتەوە.

### 0 - 2: هۆكاری هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

هەڵبەتە، ئەنجامدانی تویژینەوە، لەشێعرەكانی ئەمین شنۆیدا، بەتایبەتی لایەنی واتایی هیچ توێژینەوەیەكی لەسەر نەكراوە، لەكاتێكدا چەند جۆر لەلایەنی واتایی، لەشێعرەكانیدا بەدی دەكرێت.

### 0 - 3: سنووری توێژینەوەكە:

تەنها ئاماژەمان بەو لایەنانەكردووە، كەلایەنی واتاییان تێدایەو نموونەی شێعریمان، لەسەر چۆنیەتی لادانەكە هێناوەتەوە.

### 0 - 4: ڕێبازی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوەیە، ڕێبازێكی تیۆری وپراكتیكییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 0 - 5: گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان، نووسینی هەرتوێژینەوەیەك، بەدەر نییە، لەهاتنی گیر و گرفت و بەردەوام کۆمەڵێك کەم و کوڕی لەنووسینی هەر بابەتێك سەر هەڵدەدەن، بەتایبەت سەرچاوەی پێویست، لەو بوارەدا

### 0 - 6: بەشەکانی توێژینەوەکە:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی تیۆری باسی: (زاراوە و چەمکی لادان و دابەشبوونی لادانی واتایی و لادانی واتایی لەزمانی شێعردا) کردووە.

هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە باسی : لادان لە شیعرەکانی ئەمین شنۆیدا  دەکات، کەئەویش لەچەند تەوەرەیەك پێك دێت،  کە بریتین لە(لادانی زیادەگووتن ( چەندیەتی ) ،پاراڕۆکس ،دانەپاڵ ،ڕەنگپێدان کراوە ).

لەکۆتایی توێژینەوەکە، باسی ئەنجامی توێژینەوەکە، کراوە و هەروەها، ئەو سەرچاوانەش، کە پشتیان پێ بەستراوە خراونەتە ڕوو، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە، بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی.

## بەشی یەکەم:

### تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمکی لادان:

بێگومان، هەر بابەتێك، لەهەر باسێکی زانستیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، پێویستە ئەو بابەتە بناسرێت، لەهەر ڕوویەکەوەبێت، لەڕووەکان بۆ نمونە: لەڕووی سەرهەڵدانی بابەتەکەوە بێت یان لەڕووی چەمك و مێژووی بابەتەکەوە بێت ، یاخود لەڕووی سەرهەڵدانی زاراوە و پەڕینەوەی سەرچاوەی ئەو بابەتەی،کە سەرەتا لەنێو ئەدەبی هەر نەتەوەیەك سەر هەڵدەدات ، وورده وورده ئەم سەرهەڵدانە، گەشە دەکات و سنوری نێوان وولاتان دەبڕێت ، دەبێتە بابەتێکی گشتی لەنێو ئەدەبیاتی جیهاندا، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە زاراوەیەکی گشتی و مۆرکی بەکارهێنەرانی دەگرێت، لە ئەدەبیاتی هەر وولاتێکدا .

ئەوەی لێرەدا، مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین، زاراوە و پێناسەی لادانە، چەمك و زاراوەی لادان، گەر بە وردی لێبکۆڵینەوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و مانا گەلێکی زۆری هەیە، چونکە ئەم زاراوەیە پەیوەندی تەنها بە بوارێك لە بوارەکان، یاخود زانستێك لە زانستەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی زۆری بە زانستەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تری وەك زانستی مرۆڤایەتی و زانستی زمانەوانی و ئایینی و فیزیایی، زانستی ئەدەبی .... هتد هەیە. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، بۆ ئەوەی زاراوە و پێناسە و چەمکێکی دروستمان بۆ لادان دەستبکەوێت، گرنگە لەیەکێك لەم زانستانەی سەرەوە، کە ئاماژەمان بۆ کردووە، بچینە ناویەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

ئێمەش، بۆ ئەوەی بگەین بە زاراوە و چەمکێکی دروست، بۆ لادان پێویستە، لە چوارچێوەی زانستی ئەدەبی پەیوەست بە واتاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و زاراوە و چەمکەکان بخەینە ڕوو، چونکە بابەت و کەرەستەی ئێمە، لە چوارچێوەی ئەو زانستەیە، کە ئاماژەمان بۆ کردووە، هەروەها ئەدەب خۆی هەڵگری هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، کە جیایە لە زانستەکانی تر.

زاراوەی لادان، وەکو زۆربەی زاراوەکانی تر، لەناو زۆربەی ئەدەبیاتی جیهان، دەبینرێت و لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا ئەم ڕەنگدانەوەیە هەستی پێدەکرێت.

زاراوەی لادان: ((لای ( پۆل ڤالیری ValپPry. ) سەرپێچی ( تجاوز ) و لای ( بالی Bally.ch ) هەڵە و لای ( سپیتزە Spizپr ) وشەی ( لادان ) و لای ( تیری Thiry ) شکان ( کسر ) و لای ( جان کۆهین ) پێشێلکردن ( انتهاك ) و لای ( بارت ) زڕان ( فچیحە ) و لای ( تۆدۆرف ) ناوازە ( شژۆژ ) بەکارهاتووە و لای ( ئاراگۆن Aragon ) دەگاتە ئەوپەڕی سنور ، کە ئەویش شێتییە ، هەمووشیان کۆمەڵە وشەیەکی ئیحساس بەخشن )) ( هێمن عمر خۆشناو : 2009 ، 244 - 245 ) .

هەروەها، زاراوەی لادان، لە زمانی عەرەبیشدا، بەشێوەی جۆرا و جۆر بەکارهاتووە :(( ( الکسر ) شکاندن و ( الغرابە ) نامۆیی و ( الخگاو ) هەڵە و چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهاتووە ، بەڵام ( الانزیاح ) لەهەموویان زاڵترە ( الانحراف ) و أ العدول ) یشی بۆ بەکاردێت )) ( د. سافیە محمد : 2013 ، 13 ) .

ئەدەبی کوردیش، چونکە بەبەردەوامی کاریگەری ئەدەبی دراوسێی بەسەرەوە بووە ، بەتایبەتیش ئەدەبی عەرەبی زیاتر پەنجەرەی بۆ ئەدەبی دراوسێ واڵا کردووەتەوە، بۆیە لە خوێندنەوە و گەڕان بەدوای ئەم زاراوەیەدا، دەردەکەوێت چەند زاراوەیەکی وەك: (( ترازان ، خزان ، لادان ، دوورکەوتنەوە .... تاد ) یان بەکارهێناوە )) ( د. سافیە محەمەد : 2013 ، 13 ) .

هەڵبەتە، بەکارهێنانی زاراوە جۆر بەجۆرەکان، چ لە ئەدەبی عەرەبی و چ لە ئەدەبی کوردی زیاتر پەیوەست بووە، بەکاریگەرییان بە نووسەرێکەوە واتا لە ژێر کاریگەری نووسەرێکی پێش خۆیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زاراوەیەکی ئەدەبیان بۆ هەڵبژاردووە، جگە لە زۆر و بۆری بەکارهێنانی زاراوەی لادان، لە ئەدەبی کوردیشدا ( لادان ) دروسترین و بەربلاوترین زاراوەیە، لە ئەدەبی کوردیدا، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکان، لە مەڕ ئەم چەمکە سەرەتاییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە.

سەبارەت بە چەمك و پێناسەی لادانیش، هەولأ و قسەی جۆرا و جۆری لەبارەیەوە کراوە، کە ئێمەش هەندێ لەو پێناسە و چەمکانە دەخەینە ڕوو، بۆ نمونە :( جان کۆ هین ) دەڵێت :(( هیچ شیعرێك نییە خاڵی بێت لە لادان )) ( جان کۆهین : 1986 ، 192 ) .

ئەگەر وردبینەوە، لەو قسەی (جان کۆهین) زیاتر، وەك گرنگی چەمکی لادان دەردەکەوێت، لە شیعردا ، زۆربەی نووسەران و ئەدیبان (لادان) دەکەنە، پێوەری جیاکردنەوەی شیعر و پەخشان لە ئەدەبدا، هەر بۆیە (جان کۆهین )پێی وایە: هیچ شیعرێ نییە بە تالأ بێت لە لادان، لەوەیە خاڵی جیاکەرەوە بێت بۆ بەشەکانی تری ئەدەب ، هەروەها ئەوەی زمانی شیعری، لە زمانی پەخشان یان زمانی قسەکردن جیادەکاتەوە، بریتییە لە چەمکی لادان ، هەروەها :(( هەموو شیعرێك جۆرێك لادانی تێدایە، کە خوێنەر هەستی پێدەکات ، هەر بۆیەشە ئەمە دەبێتە ئەدگار و پێکهاتەی شیعر و شیعر لە دەربڕینی ئاسایی و ژانرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە )) ( کامەران ئەبابەکر خچر : 2016 ، 36 - 37 ) .

لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بە واتا و لادانی واتایی، ناساندنی جۆراوجۆری بۆکراوە و لەم بارەیەوە کۆمەڵێ تێڕوانینی جیاواز هەیە، بۆ نمونە ئۆڵمان دەڵێت :(( بریتییە لە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو ، هەر گۆڕانێکیش، لەو پەیوەندییەدا، ڕوودات گۆڕان لەواتا دێتە ئاراوە، هەروەها لادانی واتایی: (( بریتییە لە شکاندنی یاسایەکانی دیوی ناوەوەی زمان،کە پەیوەندییەکی پتەویان بەمەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەك واتای سەردەم دەگۆڕێت، بەڵکو دەبنە بار و ئەرك بۆ گوێگریش )) ( محمد مەعروف فەتاح : 2010 ، 418 ).

هەروەها سەبارەت بە پێناسەی لادان بریتییە :(( لەو پێوەرانەی، کە پێکەوە هاتنی لێکیکەکان دیاری دەکەن یان لادان لەو سیما واتایەنەی، کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکیك ،لە زمانی هۆکاردا واتا ئەرکی گەڕانەوەی زمان، لادانی واتایی واتای پێچەوانەیی، دروستی واتایش دەگەیەنێت )) ( دلێر صادق کانەبی : 2009 ، 40 ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر بۆیە، زۆرجار شاعیران بۆ ئەوەی زمانی شیعرەکەیان، جیاواز بێت لە زمانی ئاسایی، پەنا دەبەنە بەر ڕەگەزی ( لادان ) ، ئەوەش گرنگی و گەورەیی ئەم ڕەگەزە ،دەردەخات، لە بەکارهێنانی واتایی جیاوازی ئەدەبی و بەتایبەتیش، واتای جیاواز و لێکدانەوە و شیعر، کردەوەی دەقی شیعری ، هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزە، لە شیعردا شعریەتی شاعیر و شێوازی شاعیر دەردەخات، هەروە هاجیایی دەکاتەوە، لەوانی تر .

## تەوەرەی دووەم / دابەش بوونی لادانی واتایی:

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەمەڕ لادانی واتایی، چەند جۆرە دابەشکردنێك، بۆ ئەم ڕەگەزە خراوەتە ڕوو، کە هەر یەکێکیان، بە پەیوەست بوونیان، بە جۆرە پەیوەندییەك، ئەم دابەشکارییە، یان کردووە، هەیانە لەسەر ئاستی واتایی، هەشیانە پەیوەست بە هەڵبژاردن و پەیوەندی لێکدان، یان لەسەر ئاستی هەڵبژاردن و هاوڕێیەتی ئەم دابەشکارییەیان کردووە. ئێمەش لێرەدا، هەوڵدەدەین، ئاماژە بە چەند دابەشکارییەك بۆ ئەم ڕەگەزە بکەین، لەسەر ئاستی پەیوەندی واتایی.

( جان کۆهین ) بەم شێوەیە دابەشکاری بۆ لادان دەکات :

1- خستنە پالأ -الاسناد

2- دەستنیشانکردن -التحدید

3- گەیاندن -الوصول. ( جان کوهین : 1986 ، 180 ) .

لەم دابەشکارییەی جان کۆهیندا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە نووسەر، لەسەر ئاستی واتایی، جۆرەکانی لادانی دەستنیشان کردووە، هەروەها، لە زمان و ئەدەبی کوردیشدا، نووسەران چەند، دابەشکارییەکیان کردووە، کە ئاماژە بەچەند، دانەیەکیان دەکەین بۆ نمونە: ( مەحمود مەعروف فەتاح ) لادانی واتایی کردووە بە دوو جۆر :

1- درێژ ڕۆین

2- پێکدادانی واتایی ( محەمەد مەعروف فەتاح : 2010 ، 430 ) .

لەم دابەشکارییە، کە لەسەر ئاستی واتایی کردوویەتی، ئەو ئاستانەشی پەیوەست کردۆتەوە، بەدرێژکردنەوەی، واتا یان گەیاندنی واتا بەشێوەی درێژدا دڕو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کورتبڕی، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر ئاستی ڕستەسازیش، مەبەست لیی ڕێکنەکەوتن و هاوڕێیەتی و هەڵبژاردنی ڕیزبوونی کەرستەکان، لەگەڵ یەکتر.

هەروەها، عبدالواحید موشیر دزەیی، بەم شێوازە، دابەشکاری بۆ لادانی واتایی دەکات:

یەکەم: چەندێتی: ( درێژ بڕی ، کورتبڕی ، هەڵئاوسانی واتایی ) .

دووەم: چۆنیەتی: ( لێکچوون ، خوازە ، زیادەڕۆیی ) .

سێیەم : گونجان : ( دژە ڕۆیی ، پارادۆکس ) .

چوارەم : شێواز : ( پۆشین ) ( عبدالواحید موشیر دزەیی : 2009 ، 136 -146 ) .

ئەم دابەشکارییەش، لەسەر ئاستی لادانی واتایی کراوە، بە پشت بەستن و پەیوەندی لەنێوان ووشەکان پاڵپشتی کردنی هاوڕێیەتی و بەیەکەوە هاتن ، ئەمەش بۆ بەخشینی واتایە لەنێوان وشەکان.

لەلایەکی ترەوە: ( ئاڤان علی ) بەم شێوەیە: ( بڕوانە ، ئاڤان علی میرزا ، تۆفیق ، 2012 ، 234 -245).

هەموو ئەو دابەشکردنانەی، کە ئاماژەمان پێکردن، لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە بەپێی یەکێك، لەمانەی سەرەوە لێکۆڵینەوە، لەسەر لادانی واتایی کراوە، بۆ دەقی ئەدەبی، بەڵام ئەستەمە، بتوانین، پایە بەرزی، یەکێکیان، بەسەر ئەویترياندا بسەپێنین، ئەوەی سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە، ئەوەیە، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی، لادانی واتایی، زیاتر لە دەقەوە، بۆ دابەشکارییەکە، چوون واتا بەپێی ڕەگەزەکانی، لادان لەناو دەقە شیعرییەکەدا، پشتیان بەیەکێ، لە دابەشکارییەکە، بەستووە ، لە بنەڕەتیشدا ئەمە ڕێگایەکی دروستترە ، ئێمەش، لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمان نەداوە، پشت بە یەکێ لەم دابەشکارییە ببەستین ، بەڵکو لەڕێگای دەقە شیعرییەکانەوە، لایەنەکانی لادانی واتاییمان، وەرگرتووە، لە کوێ جۆرێك لەلادان پێویست بووبێت، بۆ باسکردن و ئاماژە پێکردن، نووسیوومانە .

## تەوەرەی سێیەم / لادانی واتایی لە زمانی شیعریدا

هەڵبەتە، زمانی قسەکردنی مرۆڤ، شێوازی جۆراوجۆری هەیە، هەر جۆرێکیان، تایبەتمەندی، ئەو کەسە دەردەخات، کە قسە و گفتوگۆی پێ دەکات، جگە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، کە لەسەر ئاستی مرۆڤەکان جیاوازییان هەیە، زمان و دەربڕینی ئەدەبیش بوونی هەیە، یەکێك لەو دەربڕینە، ئەدەبیانە، بریتییە لە زمانی شیعری ، بێگومان زمانی شیعری زمانێکی سەربەستە و خۆی بەکۆمەڵێ یاسا و کۆت و بەند نابەستێتەوە، بەڵکو ئازادێکی فراوانتری هەیە، لە چاو زمانی ئاسایی، زمانی شیعری زمانێکی تایبەتە و

هەموو مرۆڤێك، ناتوانێ قسەی پێ بکات ، بەڵکو زۆرجار، مرۆڤ دەبێت بیری قوڵ و لێکدانەوەی بەرز و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵی تێکەڵ بکات، هەر بۆیە، زمان لە شیعردا تەنها :(( دەلالەت لە کۆمەلە وشە و دەستەواژەیەك ناکات، بەڵکو وشەی شیعریەك نزمی: ( وەك یەك و دژ یەك ) خوازەی ( نزیك و نامۆ ) ، لێلا و ڕوون ئەفسانەی :( تایبەت و گشتی ) دەمامکی ( مێژووی و ئەفسانەیی ) تێهەڵکێشی ( مرۆڤ و بابەتی ) یەکیەتی ( ئۆرگانیکی و هۆشەکی ) واتای ( واتاگۆڕی .... بابەتی تریش، شاعیر مەبەستی بوونیادی کاری هونەری و پڕ لە ئیستاتیکای جوانی بەکاریان دەهێنێت )) ( ئازاد ئەحمەد محمود : 2009 ، 16 )

هەموو ئەو دەستەواژە و دەلالەتانەی سەرەوە بۆ زمانی شیعر ئەوەمان پێ دەڵێت، کە شیعر لەناوەخنی خۆیدا پڕ لە یەکسان بوونەوە و دژیەك بوون و بەرزی و نزمی ، هەروەها دەلالەتە، گشتی و تایبەتییەکان، سەرچاوەی جوانیە، زمانیەکانی شیعریش، زۆرجار پەیوەستە، بە تێڕوانینی شاعیر خۆی، هەموو ئەو هۆش و ئەندێشانەی، لە هەگبەی بیری شاعیر خۆیان مەڵاسداوە ، هەروەها زمانی شیعر تەنها خۆی لە چۆنیەتی زمانەکەدا نابینێتەوە، بەڵکو گرنگی و ئامادەبوونی لەناو دەقی ئەدەبیدا، ئەدگارێکی گرنگە، چونکە :(( زمان بەیەکێك لەکۆڵەکە هەرە گرنگەکانی بونیادی هەر دەقێکی ئەدەبی دادەنرێت و ڕۆڵی لەبەرەو پێشبردنی ڕەوتی دەربڕین و قووڵبوونەوەی واتا و مەبەست هەیە )) ( هێمن عمر خۆشناو : 2010 ، 206 ) .

کەواتە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی شیعری، چونکە لە بیری قوڵەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر لەبەر ئەوەشە، دەلالەت و مەبەست و واتایەکانیشی قوڵدەبنەوە، ئەم زمانە تەنها بریتی نییە، لە دەربڕینی ئاسایی و پێکەوەنانی ووشە و ئامراز و پەیدابوونی ڕستەکان، بەڵکو گرنگییەکەی، لە دروستبوونی واتا و مەبەستی جوانە.

لەلایەکی ترەوە، زمانی شیعر لەڕووی هەست و سۆزەوە دەوڵەمەندە، ویژدانی مرۆڤ بارگاوی دەکات و بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر و چێژ بەخشیش بە خوێنەر چونکە گەر وانەکات ئەوا سەرتاپای دەقە ئەدەبییەکە، کاریگەری دەبێت ، هەر لەبەر ئەوەیە :(( کاتێك شاعیر زمان لە شیعردا بەکاردەهێنێت، لەڕێگەی دەنگ و ڕیتم و ئاوازەوە بۆ دونیایەکی هەستی گوزارشت، لە وشە دەکات ئەو کردارەش، لە چوارچێوەی هونەردا جێ بە جێ دەبێت ، ئەو بنیاتەش، لە هەموو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمێکدا لەناو قوڵایی کلتور و هونەر و فیکر و داهێناندا ڕەگ دادەکوتێ )) ( ئازاد ئەحمەد مەحمود : 2009 ، 14 ) .

دەتوانین بڵێین، زمانی شیعر و بایەخدان پێ ی و جیاکردنەوەشی لە زمانی ئاسایی خەڵك، بابەتێکی کۆن بووە ،لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، سەرچاوەی وەرگرتنی زمانی شیعری بووەتە، جێگەی تێڕامان و گرنگیدان، هەر سەبارەت، بە لادانی واتایی، لە زمانی شیعردا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، ئەگەر چەندین ڕەگە زمان هەبێت، بۆ ڕازاندنەوەی زمانی شیعر و بەرز ڕاگرتنی بەرامبەر بە زمانی ئاسایی، ئەوا یەکێك لەو ڕەگەزانە بریتییە لە لادان، کە پێویستییەکی زمانی شیعرییە: (( ئەویش لێکۆڵینەوەیە، لەبارەی ئەو دیاردانەی کەبەبێ بەراوردکردنی، لەگەڵ یاسایەکانی پێوانە دیاری ناکرێت، لە ژێر تیشکی ئەم ژیربێژییە، زمان لە دوو توێی مانا گشتییەکەیدا، بە واقیعی شێوازگەری دادەنرێت، لادانی شیعر هەڵەیەکی ئەنقەستە و بۆ مەبەستی ڕاست گەیاندنێکی، دەلالی و تایبەتی بەکاردێت، ئەم ڕاستیەش، بە مەرج دانانرێت لەسەرجەم هەڵەکانی لادان )) ( ئازاد ئەحمەد مەحمود : 2009 ، 131 ) .

هەر بۆیە، دەتوانین بڵێین، جیاکردنەوەی شیعری جوان و باش و چێژ بەخش، پەیوەستە بەو دەلالەتە زمانیانەی، کە لە شیعردا بەکاردێت، بەڵام مەرجیش نییە، هەر شیعرێك چێژی نەبوو مانای وایە دەلالەتە زمانییەکانی تێدا فەرامۆشکراوە، لە کاتێکدا پێکهاتە زمانییەکان، ئاست و ئەرکی ئەو پێکهاتانەی تێدا بەرجەستە بووە.

ئەو ڕۆڵەی، کە زمان دەیبینێت، دەلالەتە زمانییەکان ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە بمانهەوێت زمانی قسەکردن، لەبەرامبەر زمانی شیعردا ڕابگرین چونکە :(( لە زمانی ئاساییدا ڕۆڵی زمان وەك ئامراز و هۆکاری گەیاندنە، بەڵام لە زمانی شیعردا ڕۆڵی زمان بۆ بەکارهێنانێکی تر دەگۆڕێت ،ئەویش بەکارهێنانی هونەرییە )) ( پەخشان علی احمد : 2009 ، 181 ) .

کەواتە، بەکارهێنانی لادان، یان هەر ڕەگەزێکی تر، لەناو زمانی شیعردا، دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوە بۆ جیاکردنەوەی زمانی ئەدەبی و زمانی ئاسایی، ئەو جیاوازییەش، جگە لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکان، هەروەها بەکارهێنانیەتی لە ڕوانگەی خودی شاعیرەوە، بە ئاستی چەندیەتی و چۆنیەتی وەرگرتنی کەرستەکان و بەکارهێنانیەتی لە دەقە شیعرییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: لادان لە شیعرەکانی ئەمین شنۆیی:

لادان جگە لەوەی، بنەمایەکی گرنگی شێوازی ئەدەبییە، هەروەها زۆرجار دەبێتە، شێوازی تایبەتی شاعیر بەشێوازێ هەندێ جار بەو شێوازو ڕەگەزو تەکنیکانە دەناسرێتەوە، کەشێوەکەی پێ بنیاتنراوە، هەروەك چۆن، لەپێشووتر ئاماژەمان بۆ کرد، کە هیچ شیعرێك نییە، بەتالأ بێت، لە دەلالەتی واتایی و بەکارهێنانی تەکنیکی جۆرا و جۆر، لە هەرقۆناغ و سەردەمێکدا، شاعیران بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانیان هەوڵیان داوە ، زۆرترین، ئەو تەکنیکانە بەکاربهێنین، کە دواجار کۆی پرۆسەی شێواز بنیات دەنێین . توێژینەوەکەی ئێمەش، کە پەیوەستە بە لادانی واتایی لەشیعرەکانی ئەمین شنۆیدا، هەرچەندە ئێمە پشتمان بەهیچ دابەشکارییەك نەبەستووە، بۆ لێکۆڵینەوەی لادان لەشیعرەکانیدا، بەڵام چی بەرجەستە بوویێت بە جۆرەکانی لادان بەپێی توانا، نمونەی شیعریمان بۆ هێناوەتەوە، تەکنیکەکانی لادانیشمان لەو ئاستانەدا وەرگرتووە.

1- لادانی زیادەگوتن ( چەندیەتی )
2- پارادۆکس
3- دانەپالأ
4- ڕەنگپێدان

**1 : لادانی زیادەگوتن ( چەندیەتی )**

(( لەڕستەیەکدا واتای کەرستەیەك زیاتر لە جارێك دێت ، ئەویش لەڕێگای بەکارهێنانی هاو واتاییەکانی یان ئەو وشانەی کە لە سیمایەکی واتاییدا هاوبەشن )) ( عەبدوسەلام نەجمەدین عبدالله : 2008 ، 143 ) .

لەدان لە زیادەگوتن: ( یان چەندیەتی ) مەبەست لێرەدا، ئەوەیە، کە ئاخاوتنە شیعرییە، کە زیاد لە پێویست درێژ بکرێتەوە، یاخود دێڕە شیعرەکە ،بەبەکارهێنانی هاوەڵناوی چەند بارەیی تووشی هەڵاوسانی واتایی ببێت ،بە مانایەکی تر، کە بینیمان، لە شیعرێکدا وشەی هاومانا و وەك، یەك چەند جارێك دووبارە ببێتەوە ، ئەم جۆرە، وشە هاو مانایە لە فەرهەنگی کوردیدا یەکجار زۆرە ، بۆ نمونە ووشەکانی وەك :( باش و چاك ) ( ئاوات و ئارەزوو ) ( ژیان و ژین ) ( شەو تاریکی ) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر سەرنج لەم وشانە بدەین، ئەگەر لە ڕووی فۆڕمەوە، جیاوازبن ئەوا لە ناوەڕۆكدا، هەڵگری یەك دەلالەتی واتایین، ئەم جۆرە لادانە، لە شیعرەكانی ئەمین شنۆیدا، زۆر بەرچاو دەكەویت، هەر بۆیە ئێمەش نمونەی ئەم جۆرە لادانە، لە توێژینەوەكەدا، بەكارهێناوە بۆ نمونە، شاعیر لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەی خوداوەندی كەریم و خالقی لەیل و نەهار

واحیدی گەورە و عەزیم و ڕازقی هەر مووروو مار ( لا 15 )

لە نیوە دێڕی دووەمدا، شاعیر لەوانەیە، بە مەبەست ئاخاوتنی ئەم دێڕە شیعرییەی درێژ كردبێتەوە، بەبەكارهێنانی، هاوەڵناوەكانی :( گەورە ، عەزیم ) لە كاتێكدا ئەم دوو وشەیە، یەك دەلالەتی واتاییان هەیە كە یەك مانا دەبەخشن .

هەروەها شنۆیی لە شیعری :( وەسفی خەوسی گەیلانی دا ) دەڵێت :

لەسایەی فەیزی نوورت، ئەی مەهی تابان ( بحمدالله )

هەمیشە ڕۆشن و سافە شەوی یەڵدایی دەروێشان ( لا 34 )

لەم شیعرەشدا، شاعیر دیسان بەبەكارهێنانی هەردوو هاوەڵناوی ( ڕۆشن و ساف ) زیادەڕەوی كردووە، لەبەكارهێنانی وشە، لەناو ئەم دێڕە شیعرییەدا، لە ئەنجامدا جۆرێك، لە هەڵاوسانی واتایی دروست بووە، ، چونكە ئێمە دەزانین: ( ڕۆشن -ساف ) لەم شیعرەدا، یەك دەلالەتی واتاییان هەیە گرنگ بوو، شاعیر یەك وشە بەكاربێنێت و یەكیان بەلاوە بنێت .

هەروەها لە شیعرێكی تریدا بەناوی ( ئاهی دەروون ) دا دەڵێت :

شەو لە هیجری ڕوویی تۆ، ئەی مایەیی ڕوحی ڕەوان

سینە سوزان ، دلأ فروزان ، دیدە گریان ، چەشمی تەڕ ( لا 87 )

لەم دێڕە شیعرەدا، گریی ( دیدە گریان ) واتا چاوێك، كە تكری و تەڕ بێت لەگەلأ گریی ( چەشمی تەڕ ) كە وشەیەكی فارسییە، یەك مانایان هەیە و هاو مانان، دووبارە بوونەوەی ئەم دەستەواژەیەش، زیادەڕەوی كردنە لە گوتندا.

هەروەها لە شیعرێكی تریدا بەناوی ( ڕەقیب ) هەردوو ووشەی ( ئاهە و ناڵە ) ،كە لە بنەڕەتدا یەك مانایان هەیە دووبارە كردۆتەوە هەر بۆیە لادان دروست بووە، شاعیر دەڵێت:

بەئاوی چاوو بەرقی ئاهوو ناڵە ، خۆم دەسوتێنم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خودا تۆفیق بدا ئاخر خەمی قورسی وەکو کێوت ( لا86 )

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە دیوانی ( ئەمین شنۆیدا ) بەکارهێنانی زیادەگوتن ( چەندیەتی ) زۆرترین جار دووبارە بۆتەوە، هەر بۆیە ئیمەش، لەم توێژینەوەیەدا، ئەم لادانەمان باسکردووە .

## 2: پارادۆکس

بنەمای دروستبوونی ( پارادۆکس ) لەبنەڕەتدا، بەهۆی هاتنی دوو وشەی دژ بەیەك دروست دەبێت ، ئەگەر سەرنج بدەیتە، خودی وشەی ( پارادۆکسیش ) ئەوا دەلالەت لەدوو دەستەواژەی دژ بەیەك دەکات، هەر بۆیە (( بنچینەی وشەکە لە ( para ) هەڵە و ( doxa ) ئەوەی دژ ، یان لە پشت ڕا و بۆچووندا هەیە )) ( مجدی وهبە : 1974 ، 381 ) .

ئەوەی تێبینی دەکرێت، لەناو ئەدەبی کوردیدا، لەبەرامبەر وشەی (پارادۆکسدا) هیچ زاراوەیەك بەکارنایەت جگە لەم زاراوەیەی، کە راستەوخۆ لە زمانی ترەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

(( لەم دیدگەوە شاعیران سوودێکی زۆر لەم هونەری پارادۆکسە وەردەگرن ، چونکە پارادۆکس تەنیا ئامراز و میکانیزمێکی جوانکاری شیعری نییە، بەڵکو کردەیەکی زمانی شیعریشە، بەهاو بوون و کاریگەری هەیە لەسەر جوانی و ئیستاتیکای دەقەکە )) ( کامەران ئەبابەکر خچر : 2016 ، 233)

لێرەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەم تەکنیکە کاتێك جوانی بە دەقی شیعری دەبەخشێت، کە بریتییە لە کۆبوونەوەی دوو وشەی دژ بەیەك و ماناگەلی جیاواز ، ئەمەش لە شیعردا سەرنج و بیر و هزری خوێنەر بۆ ناو شیعر پەلکێش دەکات ، شاعیر شنۆیی، لە شیعرەکانیدا، لە چەندین شوێن، ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە ،کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین .

شاعیر لە شیعرێکی ( مەدحی غەوسی گەیلانی ) دا دەڵێت :

ئەو قەلبی بریندارە بکە جارێکی درهەم

بۆ کوللی غەم و دەرد و دەوا حەزرەتی غەوس ( لا 45 )

وێنەیەکی پارادۆکسی هەیە، لەنێوان هەردوو وشەی :( دەرد و دەوا ) چونکە ( دەرد ) مانای ناڕەحەتی و نەخۆشی و هیلاکی دێت، بەڵام ( دەوا ) پێچەوانەی دەردە کە مانای خۆشی و چارەسەر دەگەیەنێت.

هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

خانەدانی ئێوە قوربان ، فەیز بەخشی خاس و غام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەرقەدی شێخ هادی یەدین نووری دڵمانی زولام ( لا 49 )

وشەکانی ( خاس و عام ) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبین، دژ و پێچەوانەی یەکترن، هەر بۆیە وێنە پارادۆکسییەکە، وێنەیەکی تەواوە و وشەکانیش، بە دوو ئاراستەی جیاواز دەڕۆن و یەکتری ڕەتدەکەنەوە.

شنۆیی لە شیعری ( خۆشەویستی شێخ عەلائەدیندا ) دەڵێت

خانەقا و تەکیەم کە دیتن نایەتە وەسف و بەیان

ڕۆژ و شەو وەقف و سەعات پڕبوون بەدایم مهمان ( لا 50 )

وێنەی پارادۆکسیەکە لەنێوان ( ڕۆژ و شەودایە ) و چونکە یەکتر ڕەتدەکەنەوە و دوو مانای جیاوازیان هەیە و باس لە دوو زەمەنی جیاواز دەکات .

هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی ( شین گێڕی شێخ عبدالقادری شەمزینی ) دا دەڵێت :

ڕۆژی ڕوناکم ، لە داخت لێبووە تاریکە شەو

ئافتابی ڕووت بزر بوو کەوتە ژێر پەردەی حیجاب ( لا 59 )

لە ( ڕۆژی ڕووناك ) پێچەوانەی زەمەنەکەی خۆیەتی ،کە بریتییە لە تاریکی شەو جگە لەوەی دژیەکی هەیە ،لە نێوان ڕۆژ و شەو،لەنێوان تاریك و ڕوناکیش ئەم وێنە پارادۆکسیە دەبینرێت .

## 3: دانەپالاٚ

دانەپالاٚ جۆرێکی ترە، لەلادانی واتاییدا، کە زۆر جار لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، خستنە پاڵی پێدەگوترێت ، ئەم جۆرە لادانە، بەشێوەیەکی بەرچاو، لەناو شیعری کوردیدا دەبینرێت ، ئەویش بریتییە لە : (( بەخشینی سیفەتێك بۆ شتێك ودیاردەیەك، کە خۆی لەبنەڕەتدا ئەو شتە و دیاردەیە هەڵگرئەو سیفەتە نییە، بە جۆرێك سیفەتەکە، گونجاو و شیاو واقیعی نییە بۆ شتەکە و دیاردەکە ، بەڵکو دەدرێتە پاڵی و دەبێتە لادان لە واقعی بوونی لۆژیکی )) ( کامەران ئەبابەکر خچر : 2016 ، 203 ) .

یان (( هەندێك جاریش بە دانان و خستنە پاڵی وشەیەك، لە چوارچێوەی سنتاکسی دەبێت، بەڵام لێکدانەوەی، لۆژیکی بۆ ناکرێت، ئەم جۆرە دانەپاڵە بونیاتی زمانی دەق قوڵاٚ دەکاتەوە و جۆرێك لە داهێنان و ناوازەیی بەپێك هاتەکە دەبەخشن )) ( سافیە محمد احمد : 2013 ، 156 ) .

لەسروشتدا، خوای گەورە هەرچی، خەلق کراوەکانیەتی سیفەت و تایبەتمەندی خۆی پێ بەخشیوون بەشێوەیەك، زۆرجار هەندێك سیفەت، بە مرۆڤ بەخشراوە، بەڵام بە زیندەوەرانی تر و خەلق کراوەکانی تری مرۆڤ نەبەخشراوە، بە پێچەوانەشەوە، زۆر شت و تایبەتمەندی، لە دەوروبەری مرۆڤدا هەیە، بەڵام لە مرۆڤدا بوونی نییە، جا گۆڕینەوەی ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانە، لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر لە زیندەوەرێکەوە بۆ زیندەوەرێکی تر، لە بێ گیانێکەوە بۆ بێ گیانێکی تر، یان بە هەر شێوازێك لە شێوازەکان لەناو دەقی ئەدەبیدا پێی دەوترێ دانەپالأ .

تەکنیکەکانی دانەپالأ زۆرن، ئێمە لەسەر بنچینەی ئەم دابەشبوونە کارمان نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی نمونەی شیعری ئەو دانە پاڵانەمان هێناوەتەوە، کە لە شیعرەکانی شنۆیدا هەیە، دواتر لە ڕاڤەی شیعرەکانەوە جۆرەکەمان دیاری کردووە.

شەرمەندەیە گولأ، ئەز روخی زیبایی محەمەد

سازەندەیە بولبول، لە تەماشایی محەممەد (لا20)

ئەگەر سەیربکەین شاعیر لێرەدا وشەی (گوڵ)ی بەکەس کردووە، واتە شەرمەندە بوونە، یان خەجاڵەت بوون، سیفەتی ئەسڵی مرۆڤە، بەلام داویەتییە پاڵ شتێکە بێ ڕووح، کە ئەویش گوڵە.

هەروەها لەدێڕە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت:

دڵ لە دووری رووی شەمعت، شەو وەکوو پەروانەیە

سەبرو ئارامی نەماوە، بێ هۆش و دێوانەیە (38)

لێرەدا، چەقی ئەم شێعرە باسی دڵە، ئەم دڵە چوێنراوە بە پەروانە، کە لەبنەڕەتدا پەروانە بوون هی دڵ نییە، بەڵام شاعیر داویەتییە پاڵ دڵ، هەر لەم دێڕەشێعرەدا شاعیر جارێکی تر سیفەتی بێ هۆشی و دێوانەیی کەسیفەتی مرۆڤە داویەتییە پاڵ گوڵ.

هەروەها شاعیر لەوەسفی (شێخ عبدالقادری شەمزینان) دا دەڵێت:

شەمسی فەلەك ماهی زەمین شێخ سەیید عەبدولقادرە

هەم رایجی شەعی موبین شێخ سەیید عەبدولقادرە (31)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم شێعرەدا، شاعیر شێخ عبدالقادری چواندووە، بەخۆرو مانگ ئەمە لەکاتێکدایە خۆرو مانگ بوونێکی سەربەخۆیی سروشتیان هەیە، بەڵام داویەتییە پاڵ (شێخ) واتە لێرەدا، مرۆڤ بەتەن کراوە، کەتەنەکەش خۆرو مانگە.

هەروەها شاعیر لەمەدحی حەزرەتی (سەید تەهای شەمزینی) دا دەڵێت:

وەك مەرێکی بێ شوانم، سەربەخۆ بێ کەس دەڕۆم

هەر وەکو قەقنەس دەسووتێم، دایما هەر خەم دەخۆم (43-44)

لێرەدا، شاعیر خۆیی چواندووە، بەمەڕی بێ شوان، واتە ئەم سیفەتەی داوەتە پاڵ خۆیی، هەروەها لەدێڕی دووەمدا جارێکی تر خۆیی چواندووە بەباڵندەی (قەقنەس)کە ئەم باڵندەیەش دەگوترێت لەکاتی فڕیندا زۆر بەرز دەبێتەوە تا نزیکی خۆرو بەهۆیی گەرمی خۆر دەسوتێ.

## 4 : ڕەنگ پێدان : ( ڕەنگ گۆڕکێ )

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ، هەیە لە نێوان سروشت و مرۆڤدا، زۆرجار گواستنەوەی، ئەو پەیوەندییەش لەڕێگای بینینەوە، دەبێت کە لە ڕەنگدا خۆی وێنا دەکات ، هەموو ئەو سروشتەش، کە لە دەوری مرۆڤدا هەیە لەلایەن مرۆڤەوە، هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت ، جگە لە شێوە و قەبارەی تەنەکانی دەوروبەرمان هەندێ جار لەڕێگەی ڕەنگەوە هەستی پێ دەکەین، وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، کە زمانی شیعر زمانێکی جیاوازترە، لە زمانێکی ئاسایی ئیشی شاعیر ئەوە نییە شێوە و وێنە و قەبارەی شتەکانی دەوروبەرمان کت و مت، وەکو خۆی نیشان بدات ، بەڵکو دەبێت هەڵگەڕاوەیەکی زمانی یان واتایی لەشتەکانەوە دروست بکات ، ئەگەر شاعیر ئەمە نەکات، یەکسان دەبێتەوە، بە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بۆیە :(( بە واتایەکی تر شاعیر زۆرجار ئەو ( کەرەستە و تەن ) انەی کە لە چوار دەوری دان و دەیان بینێت و ڕەنگەکانیان لای هەمووان ئاشکرایە دێت، بە جۆرە ڕەنگێکی تر جیاواز، لە ڕەنگی ڕاستەقینەی ( بۆیە ) یان دەکات یان لەمەشی زیاتر دەکات و شتی بێ ڕەنگ ( بۆیە ) دەکا و ڕەنگی پێدەدات وەکو ( ئاوی پەمەیی ، بایی سپی ، هەناسەی سەوز ) .

بەمەش جۆرێك لەلادان بینین و واقعی بوونی سروشتی بوون و کەرەستە و تەن دێتە ئاراوە و ڕەنگ گۆڕکێ دروست دەکات )) ( کامەران ئەبابەکر خچر : 2016 ، 224 ) .

عەبدێکی زۆر روو رەشم، زۆر عاسی و زۆر شەرمسار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیم بە هیچ ئەشیا بە غەیری لوتفی تۆ ئومیدوار (لا15)

گەر سەیربکەین، مرۆڤ چەند گوناح و تاوان بکات، سروشتی ڕەنگی خۆیی ناگۆڕێت، و وەك خۆیی نامێنێتەوە، بەڵام شاعیر لێرەدا، ڕەنگ گۆڕکێی دروستکردوە، لەسروشتی ئاسایی خۆیی بۆ ڕەنگی ڕەش.

هەروەها لەشێعرێکی تردا دەڵێت:

بە مووی ئاوا سپی، قەلبی وەها رەش هەروەکوو یەعقووب
بە بۆنی نازەنینی خاکی ئێرانی دەژی گیانم (لا75)

لەم شێعرەدا، شاعیر ڕەنگ گۆڕکێی دروستکردووە، لەڕەنگێکی سورباوەوە، بۆڕەنگی ڕەش، سروشتی دڵی مرۆڤ وەك ئەوەی بیستراوەو بینراوە سورە، بەڵام شاعیر سیفەتێکی ڕەشباوی پێداوە.

هەروەها لەشێعرێکی تردا شاعیر دەڵێت:

لە ڕووی مەحەمەت جانا دەپرسی گەر لەکاری من
وەکو زوڵفت پەرێشان و سیاهە ڕۆژگاری من (99)

ڕۆژگارو چارەنووسی مرۆڤ، بەڕەنگ دیاری نادات، بەڵکو بەدبەختی و چارەڕەشی مرۆڤ، بەسیفەتی باش و خراپ دەردەبڕدرێت، بۆیە لێرەدا شاعیر چارەنووسی و ڕۆژگاری خراپی خۆیی ڕەنگ ڕێژ کردووە بە(ڕەش)ئەمەش خەیاڵی خوێنەر بۆڕۆژگاری خراپ ڕادەکێشێ.

هەروەها شاعیر لەشێعرێکی تردا دەڵێت:

ڕوومەتت ئاڵ و سپی، خاڵی لەب و زوڵفت ڕەش
لێوەکەت یاقوتی سوورە، چاوی مەخموورت گەشە (107)

شاعیر لێرەدا، زۆر بەئاشکرا ڕەنگ گۆڕکێی کردووە، لەڕەنگی ئاسایی لێوی مرۆڤ بۆڕەنگی سوور، ئەمەش لادانی واتاییی دروستکردووە، لەسروشتێکی ئاساییی بۆسروشتێکی تری تێڕامان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

1- لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، زاراوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی لادان کراوە، ئەم جۆراوجۆریە پێمان دەڵێت، کە ڕەخنە گرانی ئەدەبی کوردی، وێڕای جیاوازی بۆچوونیان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بۆ یەك مەبەست، لە دەلالەتەکنی واتایی لادانیان ڕوانیوە.

2- بەکارهێنانی لادانی واتایی، لە زمانی شیعردا، بۆ تێك شکاندنی یاسا جێگرەکانی زمانی ئاسایی بووە، بۆ پیشاندانی زمانێکی جیاوازی تر بووە، لە زمانی ئاخاوتن، واتە لادان بریتی بووە لە تێك شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان.

3- دەقە شیعریەکانی شاعیر، ئەمین شنۆیی هەڵگری خاسیەت و سیستەمی زمانی سەردەمەکەی خۆیەتی، بە خوێندنەوەی شیعرەکانی شنۆیی ناباوی سیستەمی زمانی شیعری جیاواز، لە زمانی ئاسایی دەبینرێت، ئەویش بەبەکارهێنانی جۆرەکانی لادان.

4- لادانی زیادە گوتن و پارادۆکس نمونەی هەرە باڵای بەکارهێنانەکانیانە، لە شیعرەکانیدا.

## سەرچاوەکان


1. ئازاد ئەحمەد مەحمود ، بونیادی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، هەولێر ، 2009 .
2. پەخشان علی احمد ، شێوازی شیعری گۆران ، سلێمانی ، 20.
3. جان کۆهین ، بنیه اللغه الشعریه ، ترجمه ، محمد الولی و محمد العمری ، دار توتجال ، گ ، 1986.
4. د. سافیە محەمەد ئەحمەد ، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر 2013.
5. دلێر سادق کانەبی ، هەندێك لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد ( ئەنوەر مەسیخی ، نەوزاد ڕەفعەت ، فەرهاد پیرباڵ ) ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2009 .
6. عبدالواحید موشیر دزەیی ، زانستی پراگماتیك ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2010 .
7. عبدالواحید موشیر دزەیی ، واتاسازی ( چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکی ) چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی هەولێر ، 2009 .
8. عەبدوسەلام نەجمەدین عەبدوڵا ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانیەوە ، هەولێر ، 2008.
9. کامەران ئەبابکر خچر ، شێوازی شیعری هاوچەرخی کوردی لەباشوری کوردستان کرمانجی ناوەڕاست لەساڵانی ( 1980 -1991 ) ، نامەی ماستەر ، 2016 .

10. محەمەد مەعروف فەتاح ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2010 .
11. مبدی وهبه ، مجمع المصلحات الادب ، مكتبه لوبنان ، 1974 .
12. هێمن عمر خۆشناو ، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر 2009.

## “Deviation of Meaning in Amin Shnoy’s Poetry”,

**Mohammed Omer Ibrahim**
Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Iraq
mohammedqolmarfy@gmail.com

**Hawkar Mohammed Rasheed**
M.A in Kurdish Literature, Minstry of Education
Hawkarmuhamad00@gmail.com

***Keywords:*** *Deviation, Meaning, Poetry, Quantity, Amin Shnoy, Paradox, Overstatement*

## Abstract

This paper is under the title “Deviation of Meaning in Amin Shnoy’s Poetry”, which is an academic endeavor to show the aberration of meaning which is seen in Shnoy’s poetry. The first part of the paper sheds light upon the term and concept of Deviation, the division of meaning and the Deviation of meaning in the language of poetry. The second part of the paper discusses Deviation in Amin Shnoy’s poetry and sheds light upon several sub-topics including: deviation in overstatement (quantity), paradox, attribution and depiction. In conclusion, in the Kurdish Language and Literature different terms have been used to express the concept of deviation. Thus, it shows that the Kurdish critics, despite their different views, had the same views about deviation of meaning in terms of content. In addition, the use of deviation of meaning in poetry was to break the stable rules of the normal language and show a language which is different from the language of speech. Thus, deviation was to break the rules

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

of language from the inside. On the other hand, Shnoy's poetry carry the characteristics and language of his era. Through reading his poems, the uncommon language system of his poetry is seen by using the kinds of deviation. Finally, the paper states the concluding points of the study and cites the references.

## الملخص

هذه الورقة تحت عنوان "انحراف المعنى في شعر أمين شنوي"، وهي محاولة أكاديمية لإظهار انحراف المعنى الذي يظهر في شعر شنوي. يلقي الجزء الأول من الورقة الضوء على مصطلح ومفهوم الانحراف وتقسيم المعنى وانحراف المعنى في لغة الشعر. الجزء الثاني من الورقة يناقش الانحراف في شعر أمين شنوي ويلقي الضوء على عدة مواضيع فرعية منها: الانحراف في المبالغة (الكمية)، التناقض، الإسناد والتصوير. في الختام، استخدمت مصطلحات مختلفة في اللغة والأدب الكردي للتعبير عن مفهوم الانحراف. وهكذا يظهر أن النقاد الأكراد، على الرغم من اختلاف وجهات نظرهم، لديهم نفس الآراء حول انحراف المعنى من حيث المضمون. بالإضافة إلى ذلك، كان استخدام انحراف المعنى في الشعر هو كسر القواعد الثابتة للغة العادية وإظهار لغة مختلفة عن لغة الكلام. وهكذا كان الانحراف هو كسر قواعد اللغة من الداخل. من ناحية أخرى، يحمل شعر شنوي سمات ولغة عصره. من خلال قراءة قصائده، يُرى النظام اللغوي غير المألوف في شعره باستخدام أنواع الانحراف. أخيرًا، توضح الورقة النقاط الختامية للدراسة وتستشهد بالمراجع.